

# پەراویزکردنی لیستی هێوا
# پێشێلکردنی دیموکراتییە

## ڕەخنە

ئاسۆ بیارەیی
سوێد 2009/6/18
assoyari@yahoo.com

ئەگەر پەکەکە یان هەر هێزێکی تری رزگاریخواز تیرۆریست بێت، ئەوە کۆلۆنیالستەکان، نەتەوەیەکی سەردەستی وەک عەرەب لەمێژە تیرۆریست و مرۆڤ کوژن، لێ بە زەبری شمشێر و ئەنفال و کاولکردنی وڵاتی نەتەوەکانی تر دەستیان سوورە، ئەوا تۆرانیەکان و عەلیپەرستەکانی ئێران دەمێکە تیرۆریستن. پەکەکە و بەچەدەکە لە سەر وڵاتی خۆیان خەبات دەکەن و دەستدرێژیان نەکردووەتە سەر ئاپروی نەتەوەیەکی تر، کێوەکانی قەندیلیان نەکردووەتە زیندان و قەسابخانە بۆ منداڵانی عەرەب، فارس و تۆرانی، کچی ئەو نەتەوانەیان نەفرۆشتەوە و بۆ کاری سۆزانی بەکاریان نەهێناون، زمانی نەتەوەیی ئەوانیان قەدەغە نەکردوە.

پەرواێزکردنی لیستی هیوا کە هەلقوڵاوی نیشتمانی کوردە، بێجگە سووکایەتی بە پەرلمانی باشووری کوردستان و سەروەری گەلی کورد، هیچی تر نادات بەدەستەوە. دەبوو کاربەدەستانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردەکان، ئەگەر دەزانن دیموکراتی و مافی کورد چیە، سەربەستانە بریاریان وەرگرتایە و چاویان لە بریارەکانی بەغدای داگیرکەر نەبوایە. لێ زۆر ئاساییە کە حوسێنپەرستەکانی ناو پەرلەمانی عێراقی عەرەبی دژی کورد بن و لیستێک قەدەغەبکەن کە داوای سەربەخۆیی کوردستان بکات. ئەوان نوێنەری نەتەوەی سەردەستن. ئەوەی کە جێگەی داخە لاوازی بریاری دەسەڵاتەکەی پارتی و ینکە، کە مۆنۆپۆلی تەواویان هەیە بەسەر پەرلەمانی باشووری کوردستاندا. ئەوەی کە نا جۆر و سەیرە لە پەرواێزکردنی لیستی هێواو بە تیرۆریست ناساندنی پەکەکە کە نوێنەری بزوتنەوەی باکوری کوردستانە، بێ دەنگیە بەرامبەر پارتییە ئیسلامیەکان(بۆ نموونە یەکگرتووی ئیسلامی ئیخوانزادە) کە ڕاستەوخۆی نوێنەری داگیرکەرانی کوردستانن و بە ئاشکراو  و بە نهێنی خزمەتی عەرەب و تورکە دڕندەکان دەکەن.

پەراوێزکردنی لیستی هێوا ئەوپەری بەکەم زانینی بارزانی و تاڵەبانییە کە خۆیان بە نوێنەری کوردی باشوور دەزانن، ئەوە دەستتێوەردانە لە سەربەخۆیی و ژیانی کورد لە باشووری کوردستان، دەبوو بە هێچ شێوەیەک ئەو بریارە نەنگ و سووکەیان پەسەند نەکردایە. لێ نە سلێمانی بۆ نموونە بەشێکە لە ئومە عەرەبی و نەک کەرکوک کەربلایە. ئەگەر بەچاوی بێگانەوە سەیری پەکەکە و پەچەدەکە بکرێت، ئەوا خودی هەندێ ئیسلامی کورد و عەرەب، نەک تەنیا  دژی کوردن کار دەکەن بەڵکو سیخوریش بۆ داگیرکەران دەکەن. ئەگەر بە شێوەیەکی ڕەوا بە چاوی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانەوە ڕابردووی پارتییەکەی لیستی هیوا سەیر بکرێت، یان بەراورد لەگەڵ هیزێکی کوردی وەک حسک و پارتی و ینک بکرێت، ئەوا لیستی هیوا زۆر پاک و بێگەردە، چونکە ئەوەندی ئەوان  دەستی بیگانەو داگیرکەرانی کوردستانیان ڕاکێشاوە بۆ ویران کردنی کوردستان، هێچ هێزێکی دی ئەو کارە نەکردووە و هێشتا لیستی هیوا و پەکەکە کۆرپەن و زۆر سەربەخۆن.

ئەگەر لیستی هیوا و هەر هێزێکی کوردی دی،  بواری پێ نەدرێت بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بکات، ئەوا ئەو هەڵبژاردنە یاسایی نیە و دوورە لە پرنسیپەکانی دیموکراتی و ڕێزگرتنی دەنگی خەڵک. لێرەدا دەبێت پارتیەکانی تر هەڵوێست وەربگرن و ئەو هەڵبژاردنە بایکۆت بکەن. چونکە مافێکی ڕەوای توێژێکی گەلی کوردیان پێشێل کردووە. ئەی دیموکراتی و دەسەڵاتی خەڵک واتای چیە ئەگەر توێژێک بێبەری بکرێت لە هەڵبژاردنی نوێنەری خۆی؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟